www.kurdistannet.org
23-1-2003 23:33

# چێشتەنگاو، باخچەیەك لە سۆز

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەل)

ئەو دیوارە بۆچی وا بێناز کەوتۆتە ژێر باری ڕمان
هەر خشتێکی داستانێکە پڕ لە پرسیار
هەر خشتێکی مێژوویەکە پڕ لە هەناسە
ئەو دار هەنجیرەی ووشك بۆتەوە، ڕۆژگارێك لە سێبەریا
دەیان خەون تاوتوێ دەکرا و،
سەدان خەندە و پێکەنینی لە سایەدا دەبووە دیرۆك!
ناتوانم تاسەکانم لە ڕابردوو بسێنمەوە
ناتوانم لە ڕۆژە تێ پەڕیوەکان بژێمەوە
ئەو ڕۆژانەی پڕن لە میهر و سادەیی.
وەختێ بەسەر گەڵا وەریوەکانی سەر شۆستە ڕێ ئەکەم
ئازارێکی شەرمناوی دەئاڵێتە قەدی هەستم
ئەو کاغەزەی ژێر دەستیشم دەزریکێنێ
کە ڕۆژگارێك چلێك بووە لە پیرە دارێکی گومناو
پشتی کردبووە هێلانەی باڵندەیەکی سەرما بردوو

*

کە شەو دادێ. . باخچەیەك دێ و لە تەنیشتمەوە هەڵئەکوڕمێ
شەپۆلێك دێ و لە پشتمەوە دائەنیشێ
کە شەو دادێ. . . جەستەم ئەبێتە پارچەیەك لە تاریکی
دەنگم ئەشکێ و
گلێنەکانم وورد ئەبن
زریانێك لە نائومێد بوون و دڵە ڕاوکێ هەڵئەکات و
پەیکەری شەوە هێمنەکانی تەمەنم دێنە سەر چۆك.

*

لە قەفی ئەستووری ئەو سۆزەی دڵی من و ئەم ژیانەی بەیەکەوە گرێ داوە
کایەیەك لە گومان هەیە
بۆشایی یەك لە داچۆڕان و خەم هەیە
لەو بۆشایی یە گۆرانی یەکانی مناڵیم ئەلێمەوە
لەو بۆشایی یە وێنەکانی ڕابردووی خۆم
وێنەکانی مناڵێکی شەرمن و عەجوول
لە چوارچێوەی شکست ئەگرم.
لەو بۆشایی یە. . من جەستەیەکم هەڵاتوو
چۆك دادەر و
دڵم بۆتە بیابانێك لە بەزەیی و شەرم و هەنسك
لەو بۆشایی یە مێژوویەکم پڕ لە گرێ و

www.kurdistannet.org
23-1-2003 23:33

**پڕ لە پرسیار و نهێنی!**

*

**چ سۆزێکە . هەستم ئەبا بەرەو تارمایی خەونێکی پارچە پارچە بووی ڕابردووم**
**چ سۆزێکە . دلم ئەبا بەرەو دۆزەخی ڕۆژگاری ئەنفال کردنی هیواکانم**
**بەرەو ڕۆژگاری بەهەشتە درۆینەکان**
**چ سۆزێکە . ئەم بیابانە برینگە و**
**ئەم ئاسمانە نووتەکە بێ ئەستێرەیەم پێ ڕوا نابینێ.**
**چ سۆزێکە . . . ئەم قەدەرەی گووشیوم و**
**ماچی لێوی ڕۆژەکانم دەسپێرێتە مردنە ساختەکان.**
**ئەم چێشتەنگاوە، بۆچی ئیشتیهای خەوێکی قوولم کراوەتەوە**
**ئەم چێشتەنگاوە، بۆچی بوومەتە موریدی سەرابێکی کۆچ کردوو.**
**ئەم چێشتەنگاوە، باخچەیەك لە سۆز بۆتە زیندانی ڕۆژە تاڵەکانم**
**ئەم چێشتەنگاوە، گوڵێك لە نەبوون و**
**شەرابێك لە داچۆڕان و**
**دیاری یەك لە دۆزەخ ئەمخواتەوە**
**لە سەر چۆك و دەستەکانم ئاوەڵایی بەرەو ئاسمان بەرز دەکەمەوە و**
**ئەڕوانمە قوببەی دلی ئەو خواوەندە پەناهەندانەی**
**کە ئیقامەی سەر زەویان نەدراوەتێ**
**لە چێشتەنگاوا . . . ئەڕوانمە ئایندە لێل و تەماوی یەکان**
**لە چێشتەنگاوا . . . ئەڕوانمە باخچەکەی سۆز.**

**ڤانکۆڤەر/کەنەدا**
18-22/01/2003

**تێبینی کوردستان نێت:**
مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەلاَم بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بلاَویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.
ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣